

یەکشەممە 2012/1/22
ژمارە 363

# شەمەندەفەری جامی نەتەوەکانی ئەفریقا بەڕێ کەوت



یارییەکانی جامی نەتەوەکانی کیشوەری ئەفەریقا بە بەشداریی 16 هەڵبژاردەی کیشوەرەکە دەستی پێکرد و بۆ ئەمساڵیش هەردوو وڵاتی گینیای ئیستیوایی و گابۆن پاڵەوانێتییەکە لە خۆ دەگرن . ئەم پاڵەوانێتیە جیاواز لە پالەوانیەتییەکانی دیکە کۆمەڵێک هەڵبژاردەی بەهێزی وەک، میسر و نێجیریا، جەزائیر، کامیرۆن نەیانتوانی بگەنە کۆتاییەکانی جامی نەتەوەکانی ئەفریقا و بەهۆیەوە کۆمەڵێک یاریزانی وەک، سامیۆل ئیتۆ. مەحەممەد ئەبوتریکە، و جۆن ئۆبی میکیل وفریدریک کانۆتی و ئەدیبایۆر و پینار، بەشداریی ئەم پاڵەوانیەتییە ناکەن و بینەران لەبینینی ئەم ئەستێرانە بێبەش دەبن، سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵێک هەڵبژاردەی بەهێز لەم پاڵەوانیەتیە دەبینرێت کە ململانێی بەدەست هێنانی جامەکە دەکەن هەڵبژاردە بەهێزەکان بریتین لە غانا، کۆت دیڤوار،مەغریب و تونس و سەنیگال. بەهۆی ئەوەی یاریزانەکانی ئەم هەڵبژاردانە پیشەگەرن و لە یانە بەهێزەکانی ئەوروپادا یاری دەکەن، جگە لەمانە هەریەکە لە یاریزانان، مەروان شەماخ و دیدیێ درۆگبا، سالمۆن کالۆ و ئەساموا گیان ململانێی بەدەست هێنانی گۆڵکاری پاڵەوانیەتیەکە دەکەن و هەروەها کۆمەڵێک یاریزانی لاو دەبینرێت و چاوەڕوانی ئاستێکی بەرزیان لیدەکرێت، کە یاریزانەکان بریتین لە: کوراسی گۆڵچی هەڵبژاردەی غانا،مۆدیبۆ میگا، یاریزانی هەڵبژاردەی مالی،شێخ مبینگ یاریزانی هەڵبژاردەی سەنیگال،دجما کۆمباس یاریزانی هەڵبژاردەی گابۆن، سامی ئەلعەلاقی یاریزانی هەڵبژاردەی توونس.

گرووپەکان

*** گرووپی یەکەم**

غینیای ئیستیوائی، لیبیا، سەنیگال، زامبیا

*** گرووپی دووەم**

کۆت دیڤوار، سوودان، ئەنگۆلا،بۆرکینا فاسۆ

*** گرووپی سێیەم**

توونس، مەغریب،نەیجەر، گابۆن

*** گرووپی چوارەم**

غانا، مالی، غینیا،بوتسوانیا

سەبارەت بەخشتەی یارییەکان ڕۆژی شەممە 21 کانونی یەکەم دوو یاری ئەنجام دراو ئەمەش خشتەی سەرجەم یارییەکانی گرووپی کۆمەڵەکانە

* گرووپی دووەم، یەکشەممە 22ی کانونی یەکەم

کۆت دیڤوار -سوودان. کاتژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

بۆرکینا فاسۆ- ئەنگۆلا کاتژمیر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی سێیەم، دووشەممە 23 کانوونی یەکەم

گابۆن - نەیجەر کاژمێر 7:00 بەکاتی هەولێر

مەغریب- توونس کاژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی چوارەم سێشەممە 24 ی کانوونی یەکەم

غانا - بوتسوانیا کاژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

مالی- غینیا کاژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی یەکەم، چوارشەممە 25 ی کانوونی یەکەم

لیبیا - زامبیا کاژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

غینیای ئیستیوائی - سەنیگال کاژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی دووەم،پێنج شەممە 26 ی کانوونی یەکەم

سوودان- ئەنگۆلا کاتژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

کۆت دیڤوار - بۆرکینا فاسۆ کاتژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی سێیەم، هەینی 27 ی کانوونی یەکەم

نەیجەر - توونس کاژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

گابۆن - مەغریب کاتژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی چوارەم،شەممە 28 ی کانوونی یەکەم

بوتسوانیا - غینیا، کاتژمێر 7:00 شەو بەکاتی هەولێر

غانا - مالی. کاتژمێر 10:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی یەکەم، یەکشەممە 29 ی کانوونی یەکەم

لیبیا - سەنیگال، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

غینیای ئیستیوائی - زامبیا، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

گرووپی دووەم، دووشەممە 30 کانوونی یەکەم

کۆت دیڤوار - ئەنگۆلا، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

سوودان - بۆرکینافاسۆ، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی سێیەم، سێشەممە 31 کانوونی یەکەم

گابۆن - توونس، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

مەغریب -نەیجەر، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

* گرووپی چوارەم چوارشەممە 1 ی شووبات

بوتسوانیا - مالی، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

غانا - غینیا، کاژمێر 9:00 شەو بەکاتی هەولێر

شایەنی باسە یاری کۆتایی لە 12 ی شووبات ئەنجام دەدرێت

**ئا: کامەران کەریم**

# ئینتەر میلان دەیەوێت لە ئەنجامە باشەکانی بەردەوام بێت



یانەی ئینتەر میلان دەیەوێت لە ئەنجامە باشانەی ئەم دواییەی بەردەوام بێت کاتێک ئەمشەو میوانداری یانەی لازیۆ دەکات لە گەڕی 19ی خولی ئیتاڵیا، کە ئێستا بەجیاوازی 6خاڵ لەدوای یانەی پێشەنگ یۆڤنتۆس دێت. لەدوای ئەو سەرەتایە تاڵەی یانەی ئینتەر لەم وەرزە دەستی پێکرد، یانەی ئینتەر توانی هاوسەنگیی خۆی بگێڕێتەوە لەم ماوەیەی رابردوو دوای ئەوەی توانی لەیاری دێربی لەیانەی میلانی خاوەن نازناو بەگۆڵی ملیتۆ بباتەوە، کە پێنجەمین سەرکەوتنی یانەی ناوبراو بوو لەسەر یەک. کلاودیۆ رانێری راهێنەر گوتی: یاریی داهاتوومان دەبینین کە یاری دێربی چەند کاریگەری لەسەر دەروونی یاریزانان هەبوو، دوای ئەوەی ملیتۆ لە 2 یاری رابردوو 3گۆڵی تۆمارکردووە، بەکۆی 7گۆڵ لەم وەرزە، کە بۆتە دڵخۆشترین یاریزان دوای ئەوەی ماوەیەک نەیتوانی گۆڵ تۆمار بکات. لەلایەکی دیکەوە یانەی میلان کە لە هەفتەی رابردوو زۆر بەزەحمەت لە جامی ئیتاڵیا بە 2-1گۆڵ لەیانەی نۆڤارای بردەوە، ئەمشەویش جارێکی دیکە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، لەم یارییەشدا پاتۆ یاری ناکات کە تووشی پێکان بۆتەوە، دوای ئەوەی گۆڵی سەرکەوتنی تۆمارکرد، یانەی خانمە پیرەکە بە 38خاڵ پێشەنگی گرتووەو بەجیاوازیی یەک خاڵ لەگەڵ یانەی میلان.

**سەرباز عەزیز**

# لەگەڵ بڵاوکردنەوەی وێنەکان ئیرینا خیانەتی لە ڕۆناڵدۆ نەکردووە

هەندێک لە دام و دەزگاکانی راگەیاندن باسی ئەو وێنانەیان کرد کە لە ئیرینا شایکی دۆستی رۆناڵدۆ بڵاوکرانەوە، کاتێک سەیری تۆپی باسکەی ئەمریکای دەکرد، لەم وێنانەدا دەردەکەوێت کە پیاوێک لە شایک نزیک دەبێتەوەو لەگەڵی پێدەکەنێ و قسەی خۆشی بۆ دەکات بەدرێژایی یارییەکە، بۆیە هەندێک لە رۆژنامەکان باسی ئەوەیان کرد کە خیانەتی کردووە، نمایشکاری جل و بەرگی رووسی لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانی لە گەشتێکیان بۆ ئەمریکا روویکردە ناو گۆڕەپانەکانی تۆپی باسکەو سەیری یارییەکانی کرد، نەوەک هەندێک لە راگەیاندنەکان باسی لێوەکرد کە ناوبراو لەگەڵ هاوڕێیەکی تازە پەیوەندیی پەیدا کردووە، کە هێشتا لەگەڵ رۆناڵدۆ نەپچڕاوەو دەڵێن لەهاوینی داهاتوو ژیانی هاوسەری پێک دەهێنن، دەڵێن ئێستا ئیرینا بۆتە بینەری تۆپی باسکەو زۆر سەیری ئەو یارییە دەکات لە ئیسپانیاش بەزۆری رووودەکاتە یارییەکانی ریال مەدرید لەو یارییەداو هەروەها لەئەمریکاش بینەری ئەو یارییە دەبێت.

**ئاراس عەزیز**

